رِوانین




nolii-d@yahoo-com

داناعەسکەر


# لە نێوان سەرلێشێواوی و تیۆری زانستی و مەعریفی رەخنەدا...!

بۆ ئەوەی جیاوازی لە نارەسەنایەتی و تیۆری زانستی لە رەخنەدا بخەینە روو، دەبێ سەرەتا رەخنە وەک دیدێکی فیکری و مەعریفی و ئاماژەیەک لە جیاوازی دەلالەتەکان تەماشا بکەین، کە دنیایەک گۆرانکاریی فیکریی لە خۆرئاوا دروست کردووە و دەیان فەیلەسووف و بیرمەندی دیاری وەک "سوکرات، ئەفلاتوون، رۆسۆ، هایدگەر، دریدا، هیگڵ" کە چەندین تێروانینی جیاوازیان لە فیکر و مەعریفە و رەخنەی ئەدەبی بۆ بەجێ هێشتین.

بە درێژاییی سەرهەڵدانی رەخنەیی جیاواز چ لە رۆژئاوا چ لە رۆژهەڵات دوو جار ئەم دیدانە ئەگەر دیدی سیاسی یا فیکری یا ئەدەبی بن، رەخنەش وەک چەمکێکی کاریگەر رۆڵ و ئامادەگی هەبووە، بۆیە حزووری رەخنە، تێرامانە لە بنیاتنانی دیدی جیاواز کە بتوانێ رەهەند و تیۆری مەعریفی و زانستی و ئاماژە بە جیاوازییەکان بدات.

دریدا دەڵێ:" ئاماژەکان بۆ خۆی دەلالەت لە شتێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو دەلالەت لە جیاوازییەکان دەکات ".

کەواتە دەبێ بزانین رەخنە دەبێ دەلالەت لە جیاوازییەکان بکات، کە دەرئەنجام لە رێی ململانێی فیکر و سیاسییەوە سەرهەڵدەدات .

ئەگەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەو هەموو دیدە جیاوازانە بخەینە روو کە لە نێوان سەدەی ١٦ سەریان هەڵدا، دەبێ قسە لە جیاوازی ئاماژەکان بکەین کە گۆرانکارییان بە خۆرئاوا کرد و دەرئەنجام رێنیسانس و شۆرشی ئۆکتۆبەر و شۆرشی پیشەسازی فەرەنسا و

خۆپیشاندانی خوێندکارانی" ٦٨ " سەدەی بیستەم کە بەشێکی زۆری وڵاتانی خۆرئاوای گرتەوە، هەموو ئەم دیدە جیاوازانە دەرئەنجامی قوڵبوونەوەیە لە جیاوازیی ئاماژەکان و بەرجەستەبوونی دیدێکی جیاوازە بۆ سستمێکی تازە و بۆچوونێکی جیاواز کە مەعریفە و زانست مامەڵە لەگەڵ قۆناغدا بکات، مێژووی ئەم ململانێ فیکری و سیاسییانە هەندێ جار خوێنیان رشتووە، هەندێ جاری تر قسە و قسەڵۆک، هەندێ جار ئەم قسانە لە دەرەوەی سیاقی فیکر و مەعریفەشدا بوون.

رۆسۆ دەڵێ:" بە هیچ شێوەیەک نووسین دوالیزم و بە دوایەکداهاتووی ئاخافتن نییە"

کەواتە دوالیزمی دەق و رەخنە دوو بۆچوونی بە دوایەکداهاتوو نییە، چونکە دەق دیدێکی واقیعی و خەیاڵی رەمزی بۆ شتەکان هەیە کە هەندێ جار نا مەئلوف دەکات بە مەئلوف، بەڵام رەخنە دید و باگراوندێکی زانستی و مەعریفی جیاوازی بۆ دەق هەیە، کە لە چوارچێوەی زمان و فەنتازیا و جۆری ئەندێشە کردنە بۆ مانا و دەلالەتەکان .

ئەم دوو بۆچوونەی دریدا و رۆسۆ، هەریەک لای خۆیەوە هەڵگری رەهەندێکی فیکریی و مەعریفی و زانستی هەیە.

بۆیە لێرەوە بە پشتبەستن بەم دوو دیدە جیاوازە، کە لە ئاکامی ململانێی فیکری و مەعریفی سەریان هەڵداوە، وەک ئەوەی لە سەرەتاوە باسمان لێ کردن، بەتایبەتی ململانێی نێوان فەیلەسووف و بیرمەندەکانی فەرەنسا و ئەڵمانیا کە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا و هەندێ جار دیدی نارەسەنیش بۆ دەق سەرهەڵدەدات،

وەک ئەوەی "هیگل" دەڵێ:" لە هەرشوێنێک مەعریفە هەبێ گەمژەیش حزووری دەبێ ".

بۆیە تێگەیشتنی ئێمە بۆ فیکر و مەعریفە و رەخنەی ئەدەبیش تەنیا ئەو تێڕوانینە نارەسەنایەتییەیە کە رەخنەی

**حزووری رەخنە، تێڕامانە لە بنیاتنانی دیدی جیاواز کە بتوانێ رەهەند و تیۆری مەعریفی و زانستی و ئاماژە بە جیاوازییەکان بدات**

**ئێمە و تیۆری زانستی و مەعریفی رەخنە، دوو دنیای زۆر جیاوازین، بۆیە دەبێ ئەو جیاوازییانە بکوژین کە رەخنە لە تێگەیشتنە زانستییەکەیدا زیندانی دەکەین**



جان جاک رۆسۆ

پێ دەبینین وەک ئەوەی مەریوان وریا قانیع کە باس لە زمانی شیعری ئێمە دەکات و دەڵێ: زمانی شیعری ئێمە لە حاجی قادرەوە تاکو ئەمڕۆ زمانێکە بە رادەیەک سادە کراوەتەوە، کە هەندێ جار لە قسەی ئاسایی رۆژانە تێ ناپەڕێ، دیارە دیدی حاجی قادر بۆ شیعر و بە سادەکردنەوەی زمانی شیعری لای حاجی قادر، کارکردن بووە بۆ بە نەتەوەییکردنی زمانی ئێمە، هەرچەندە کاریگەریی زۆر پۆزەتیفی بەسەر بیری نەتەوەیی هەبووە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەریی نێگەتیڤیشی بۆ سەر زمانی شیعری ئێمە هەبووە ،کە تاکو ئەمڕۆ زمانی شیعریی ئێمە بریتییە لە زمانێکی نیشتمانی لە دەرەوەی سیاقی شیعر، وەک دنیای شیعریی جیاواز لای "مەحوی و نالی" کە زمانی عیرفانی و رۆمانسی بوون، بۆیە ناکرێ ئەم تێڕوانینەی مەریوان قانیع بە تێڕوانینی تاکەکەسی لە قەڵەم بدەین، بەڵکو هەوڵێکە بۆ رزگارکردنی زمانی شیعری ئێمە لە تایبەتمەندی نەتەوە و حزووری شیعری کوردی تەنیا لە بەرەی شۆڕشدا نەک ئاکام زمانی شیعری ئەرکەکانی لە ستاتیکا و فەنتازیای زمان و مەعریفە موجەڕەد دەبێت .

کەواتا دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە زمانی نووسین تەنیا لە سیاقی گەیاندنی فیکر کورت ناکرێتەوە، بۆیە دەبێ تێڕوانینمان بۆ رەخنە تێڕوانینێکی زانستی بێت، تاکو جیاوازی لە رەسەنایەتی و نارەسەنایەتی رەخنەدا بکەین، بەوەی لە بری ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە رەخنەگر کێیە، دەبێ بیر لە جیاوازیی ململانێ فیکری و مەعریفییەکان بکەینەوە، کە وەک تیۆرێکی زانستی توانای هەموو دەرکەوتە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە.

بۆیە دەبێ هەوڵ بدەین و بزانین ئەو تیۆر و رەهەندە مەعریفی و زانستییانە چین کە رەخنەگر پشتی پێ بەستوون، ئایا رەخنەگر توانیویەتی بەشێک لەو کۆدانە بکاتەوە کە نووسەر لە رێی رەمزییەتەوە کاری لەسەر کردووە، ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە لە رەخنە نەڕوانین، ئەوا بە هیچ شێوەیەک ناتوانین جیاوازی لە رەسەنایەتی و نارەسەنایەتیدا

بخەینە روو، ئەوەی گرفتە لای ئێمە، نەک نەمانتوانیوە جیاوازی ئەم دوو دیدە بخەینە روو، بە پێچەوانەوە، بەشێکی زۆری دەق و رەخنەکانیشمان باگراوندێکی مەعریفی و زانستی لە پشتەوە نییە، بۆیە بەشێک لەو دەق و رەخنانەی ئێمە بوونەتە ئامانج بۆ کوشتنی چەمکی ئەدەب و رۆشنبیریی، ئەم حاڵەتەش لە ئاکامی نا رۆشنبیری بەشێکی زۆر لە ئێمە سەری هەڵداوە، بەوەی تا ئێستا نەمانتوانیوە نووسەری سادەگۆ لە نووسەری جدی جیا بکەینەوە و بیرێک لە تایبەتمەندی چەمکی رۆشنبیری بکەینەوە و چاوێک بەو هەموو گۆڕانکارییانە بخشێنین کە لە خۆرئاوا روویان داوە، بەدەر لە ناشرینییەکانی، مۆدێرنەشی لێ دەرباز نابێ، کە ئێمە بە دەوریدا دەخولێینەوە.

کەواتە هەر کۆمەڵگەیەک لە هەر بوارێک باوەڕی بە ململانێی فیکریی و مەعریفی نەبێت، ئەوا لە هەوڵی کوشتنی روحی جیاوازییەکان و قەتیسکردنی هەموو دەنگەکانە لە یەک مانای دیاریکراو، دواجار هەر رۆشنبیرێک بەو شێوەیە لە رەخنە و چەمکی رۆشنبیری و گۆڕانکارییە مەعریفییەکان بڕوانێ، ئەوا لە قەڵەمێکی رۆشنبیرەوە دەبێتە قەڵەمێکی سەرلێشێواو، هێندەی بیر لە بەکۆلاجکردنی بابەت و تێڕوانینەکان دەکاتەوە ، هێندەی تر ئاڵۆزی دەخاتە بەردەم تێگەیشتن لە چەمکی رەخنە.

دەرئەنجام ئێمە و تیۆری زانستی و مەعریفی رەخنە، دوو دنیای زۆر جیاوازین، بۆیە دەبێ ئەو جیاوازییانە بکوژین کە رەخنە لە تێگەیشتنە زانستییەکەیدا زیندانی دەکەین.

دەقێکمان هەیە سادەی بەر ئاگردان، لە بەرانبەردا رەخنەیەکیشمان هەیە تا ئاستی گێڕانەوەیەکی بێ ئەندازە سادە کراوەتەوە بۆ راڤەکردن راڤەکردن بەرەو زمانی گێڕانەوە، کە گێڕانەوەی دووەمی چیرۆک یا شیعر یا رۆمانە

"رۆلان بارت "لە کتێبی" ئوستوورەناسەکان"دا لە بەشی "رەخنەی لاڵ و کوێر" دا دەڵێ: "ئەم رەخنەگرانە لە بەرانبەر روانگە فەلسەفییەکانی بەرهەمەکاندا خۆیان لە گێلی و نەزانی دەدەن و رادەگەیەن، چونکە منی رەخنەگر هەموو شتێک دەزانم، تێ ناگەم، کەواتە خوێنەریش تێ ناگات ، چونکە من تێ ناگەم، کەواتە ئێوە گەمژەن " .

بارت لەم کتێبەدا زۆر بە وردی جەخت لەسەر رەخنەی کۆن و نوێ دەکاتەوە کە لە فەڕەنسا لە نێوان سالانی ١٩٦٣ بۆ ١٩٦٦ کاریگەریی ناجۆری لەسەر چەمکی رەخنە و رۆشنبیریی دروست کردبوو، ئەم ململانێیە گەیشتە ئەو رادەیەی کە رەخنەگرانی کۆن "فەرهەنگستان" لە بارەی کتێبی "سەبارەت بە راسین" ی رۆلان بارت، رەخنەیەکیان لە ساڵی ١٩٦٣ دا نووسی و تێڕوانینەکانی "بارت" یان بە دەقێکی وڕێنە و پووچەڵ لە قەڵەم دا، لە بەرانبەریشدا "بارت" بە کتێبی"رەخنە و حەقیقەت" وەلامی کۆمەڵێ لە رەخنەگرانی

کۆن یا فەرهەنگستانی دایەوە.

بۆئەوەی سوود لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان وەربگرین، دەبێ زۆر بە وردی هەوڵی ئەوە بدەین و بزانین کاریگەریی ئەو دوو تێگەیشتنە لە ڕەخنە چ ڕۆڵێکی بەسەر چەمکی ڕۆشنبیریی و خودی ڕەخنەوە هەبووە، واتا ڕەخنەی کۆن و نوێ.

فەڕەنسا و ئەڵمانیا بە دوو دەرکەوتی ڕێبازی ڕەخنەیی ئەژمار دەکرێن، بۆیە گرینگە لە بەرانبەر ئەم دوو ئەزموونەی خۆرئاوادا، لە هەوڵی بنیاتنانی ڕەخنەیەکی مەعریفی و زانستی بین، بۆ ئەم کارەش سەرەتا دەبێ تێگەیشتنمان بۆ ڕەخنە لە جیاوازیی دیدی ڕەخنەی کۆن و نوێدا بێت، واتا ئەو جیاوازییە بنەڕەتییانە بخەینە ڕوو کە ڕەخنەی نوێ لە ڕەخنەی کۆن جیا دەکاتەوە، پاشان خوێنەری جدی لە خوێنەری ناجدی جیا بکەینەوە، دواتر دەبێ ململانێکان لەسەر بنەمای فیکر و مەعریفە و هەڵوێستەکردن بێت لە ئاست زمان و گرینگی ستاتیکا لە بەرانبەر حاڵەتە ئینسانییەکان، ئەوەی کاریگەریی خراپی بەسەر ڕەوتی ڕەخنەوە دەبێ، بە پلە یەک، بێ مەعریفەیی و بیری دۆگمای بەشێک لە خوێنەوارەکانی نەوەی کۆنە، کە لە زۆر کۆمەڵگەدا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێ، کە ململانێ فیکرییەکانیان قبووڵ نییە و لە بەرانبەریشدا نووسەری سادەگۆ و بێ مەعریفەمان هەیە لە هەوڵی ئەوەدان بچنە پاڵ نەوەی کۆن ، بۆ ئەوەی دژایەتی نەوەی نوێ بکەن، کە خۆی لە خۆیدا دژایەتی ڕەخنە و چەمکی ڕۆشنبیرییە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە هیچ کات ململانێکانی ئێمە، ململانێی فیکریی و مەعریفی نین، بەڵکو ململانێیە بۆ بێ مەعریفەکردنی خوێنەواری ئێمە، بۆ ئەوەی پشت بە زانستی ڕەخنە ببەستین، پێویستە ئاوڕ لە بەشێک لەو لێکۆڵینەوانە بدەینەوە کە لەسەر هێمای باوککوشتن لە ڕۆمان و چیرۆکەکانی "شێرزاد حەسەن" نووسراون، بە سوودوەرگرتن لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر چەمکی باوککوشتن لەلای "دیستۆفسکی" لەسەر بنەمای تیۆری "فرۆید" کاریان لەسەر کراوە، دەبێ ئەوەش بڵێین مەرج نییە ڕەخنە کار لەسەر تەواوی پێکهاتە و دەرکەوتەکانی دەق بکات، بەڵکو ڕەخنەگر دەتوانێ یەک هێمایەک وەربگرێ و چەندین تێگەیشتنی جۆراوجۆری بۆبکات، بۆ نمونە ڕەخنەی بارت لە ڕۆمانی "دوورگەی پڕلە ئازار"ی "جۆل ڤێرن" دەگرێ و تەنیا هێمایەک هەڵدەبژێرێ و کاری لەسەر دەکات، ئەویش هێمای "چواردیواری داخراوە ".

کەواتە دەبێ کاری ڕەخنە و زانستی ئەدەبی کە کار لەسەر پێکهاتەی ئەدەب دەکات، جیا بکرێتەوە، چونکە خودی ڕەخنە پەنجە دەخاتە سەر هێمایەکی دیاریکراو، کە تەواوی فیکری لە ناو پێکهاتەی دەقدا سەرقاڵ کردووە و بە داخستنی چەندین کۆدی جیاواز

خوێنەر ئاڵۆز دەکات .

بارت دەڵێ: "رەخنە دواین حەقیقەت وێنا ناکات "

لێرەوە بۆمان ئاشکراتر دەبێت، کە دەقی رەخنە دەرگەگەلی تریش دەکاتەوە بۆ قسەکردن و روئیای جیاواز، بۆیە رەخنە یەک دیوی حاڵتەکان وێنا دەکات، ئەویش هێمای گەیاندنی فیکر و کردنەوەی ئاڵۆزییەکانە لەو دەقەدا، بەڵام جیاوازی لە تێگەیشتن لای رەخنەگر، وەک تیشک خستنەسەر هێمایەکی دیاریکراو، دیدی جیاواز بۆ دەق و خودی رەخنەش دروست دەکات.

بۆ نموونە لای "دریدا" جیاوازی لە نێوان نووسین و ئاخاوتن لەوەدایە، کە ئاخاوتن پێش نووسینە، بەڵام کاتێ ئاخاوتن پێش نووسین دەبێ ئەوا مانا و هەندێ جاریش دەلالەتەکان دەشێوێنێ، چونکە ئاخاوتن هێزێک دەبەخشێتە قسەکەر لەسەر بنەماکانی خواستە، بەڵام زمان بە تێگەیشتنە گشتییەکەی، سەنتەری نواندنی نووسینە، ئەم حاڵەتەش هەندێ جار لە رێی ئاخاوتن یا تێڕوانینەوە نووسەر یا رەخنەگر تووشی ئەشکالییەت لە تێگەیشتن دەکات.



ئەفلاتۆن

کەواتە رەخنە چەندە کاریگەریی پۆزەتیفی هەیە، هێندەش بەدەرنییە لە هەڵەی تێڕوانین و هێمایی و مەعریفی و مێژوویی، چونکە پشتبەستن بە رێبازە رەخنەییەکان دەبێتە خاڵی وەرچەرخان لە نێوان سەرلێشێواوی و نارەسەنایەتی لە تێگەیشتن بۆ رەخنە لە بەرانبەر تیۆری زانستی و مەعریفی رەخنەدا، چونکە خودی رەخنە رۆشنبیرییەکی سێنترالیزمی نووسینە بۆ ئەوەی لە تایبەتمەندی رۆشنبیریش وردبینەوە و بزانین چەمکی رۆشنبیریی بەدەر لە رەخنە چ دەرکەوتێکی لە پشتەوەیە ، "رۆسۆ" دەڵێ: "سروشت دەکەوێتە پێش رۆشنبیرییەوە، چونکە یاسای سروشت لە دڵی مرۆڤدا نەخشەی بۆ کێشراوە "، کەواتە دوالیزمی جەستە و روح، دەرکەوتێکی رۆشنبیرین "جەستە" خوایەک لە پشتێوەیەتی، بەڵام "روح " هەست و سۆز و مەعریفە، وەک "هایدگەر دەڵێ: " تەنیا خوایەک ئێمە رزگار دەکات".